# له ساڵیادی شه هیدی سه رکرده ڕەئوف کامل

# وته و هه لوویسته کانت له یادمه



## قادر نادر

بروا ناکه م له دوای ڕاپه رینه وه ، تیرۆری هیچ که سایه تیه کی کورد به ئه ندازه ی شه هید ره ئووف#، شه قامی چه پ و هه لگرانی بیری کوردستانیه تی جو ڵاندبێت. هه ر بۆیه سه رجه م خۆشه ویستانی ره نگی سوور و هه ڵگرانی بیری کوردستانی کۆبېۆوه له خۆپیشاندانی 30/5/ 1993 که دژ به تیرۆرکردنی که له شاری هه ولێر ئه نجام درا . وه ئه گه ر هه ڵه ش نه بم ، ئه مه یه که م کاری پێکه وه هاوبه شی سه رجه م بیرو بۆ چونه چه په کانی کوردستان بوو. ئه مه جگه له وه ی دوای تیرۆری( ڕه ئووف کامل، ئه بو نه سیرٍ، نه زیر عومه ر ،فرانسیس یوسف شابۆ، ڕێناس ) (1) له ماوه ی که متر له 2 مانگدا ، هه موویان له بادینان تیرۆر کران، بۆیه ئه و هه ستە لای خه ڵک زۆر به هێز بوو ، که به عس وه ک حزب نماوه له کوردستان ،به لام وه ک ڕه فتار گه رای چاندووه . ئه گه ر نا چ پاساو بۆ حزبێک هه یه ، له و ماوه دا 5 که سایه تی پێشکه ووتوخواز تیرۆر بکرێت ؟ خۆ ئه گه ر شه هید بوونی 4 له و قاره مانانه ، له کاتی خۆی خرایه ئه ستۆی پیاوانی ڕژێم !!؟ ئه وا شه هید کردنی ڕێناس به ڕۆژی ڕووناک پارتی ئه نجامیدا .



**بیرمه له راپه رینی 91 که هاتیه وه هه ولێر ، تا 23 ی ئازار ، هه ر خه ریکی کاری ڕێکخستن بویت ، که چی 4 سال بوو دابڕا بوویت ، له 3 جگه ر گۆشه و هاوسه ری ژیان و کۆمه ڵێک خوشک و برا... . که دایکیشم پێی ووتی ده بڕۆوه سه رێک له ماله وه تان بده ، وه ئایا بیری کارزان و کۆڤان و کاوه ناکه یت ؟ چۆن به زه رده خه نه و ده نگێکی نزمه وه به گوێت چرپاند ، ئه ی کوردستان .**

**تۆ وه ک قۆناخی شاخ ، هه ر خه ریکی ڕێکخراوێک بوویت ، که بێ ده رامه ترین ڕێکخراو بوو . له کاتێکدا ده سه ڵات ودۆلار به رده وام له ده رگایان ده دایت، که چی تۆ بۆ به رده وامی ڕێکخراوه که ت ، زۆربه ی خشڵ و زێری هاوسه ره که ت فرۆشت . له کاتێکدا ئه گه ر وازت له بیرو باوه ڕه که ت بهێنایه، دۆلار باران ده کرایت.**

**ئاله و کاته ی زۆرێک له به رپرسانی بیری چه پ و راستی شاخ ، خه ریکی ئاودیوکردنی ئۆتۆمۆبیل و ده سه لات و سه ره تای گه نده ڵی بوون . که چی تۆ به رده وام بوویت له تێکۆشان بۆ ڕه نجده ران و بیری سه ر به خۆیی . هه ر بۆیه ئێستاش دوژمن و دژه بیروبۆ چونه کانت، ناتوانن له هه لسه نگاندنی که سێتیدا، تاکه ڕه خنه یه کت لێ بدۆزنه وه.**

**خۆ ئه گه ر سبه ی لێکۆلینه وه له سه ر هه ڵگرانی سه ره تایی بیری کوردستانی و سه ربه خۆخوازی بکرێت ، له و ته مه نه سیاسیه ی تیایه ژیاییت . دڵنیام تۆ یه کێک له و سه رکرده وڕۆشنبیره ده گمه نانه ده بیت ، که به شی شێرت به رده که وێت . ئاخر تۆ له 25 سالی خه باتی بێ ووچانت دا، ڕووبه ڕوی سوپایه کی بێ ئه ژمار له عێراقچی ، داش عێراق ، هه ڵگرانێ بیری ئۆتۆنۆمخوازی ببویته وه . له کاتێکدا ئه وه ی هێزی پێده به خشی ته نیا بڕوا بوون بوو به بیروباوه ره که ت . بۆیه تا ئه وڕۆژه ی تیرۆریان کردی ، خاوه نی یه ک دێریش نه بوویت، له و بیره زه ره ر مه ندانه ی ده یان سال خه لکیان پێ به شه هید کردن دا.**

**تۆیه ک پێچه وانه ی زۆر له و سه رکردانه ی له کاتی خۆشی قاره مان وله گه رمه ی ناخۆشیه کان بێ ده نگ و بێ هه ڵوێست . که چی تۆ له دواى وازهێنانى سه رکردایه تی پارتی دیموکراتی**

**کوردستان  له شۆرش و پیلانی شوومی جه زائیر .   تۆ خۆت وسه دان هاوبیری چه پت  سه ر له نویٚ قوناخی شۆڕشگێڕیتان  ده ست پێکرده وه . دوای کاره ساتی  ئه نفال و هه ڵه بجه ش که سه ر له نویٚ شۆڕشی کورد تێک شکا ،  تۆ هاتیته وه ناو شار  له مالی کۆنه هاوڕێکانت ده دا که با سرودی به رخودان بلێینه وه  .ئاخر تۆ یه کێک له سیماکانت هه موو کات ووره به رزی بوو**

**تۆ ده مێک بوو ده تزانی ، خوێندکاران ئه گه ر گرنگیان پیٚ بدرێت ،  رۆلێکی گرنگ ده گێرن  له شۆرشدا،  بۆیه یه کێتی خوێندکارانی شۆڕشگێرانی کوردستانتان له سالی1976 دروست کرد،  له گه ل کۆمه ڵێک له هاورێیانی کۆمه له ی ره نجده رانی کوردستان.**
**کۆ مه ڵه ی ڕه نجده رانی کوردستانت زۆر  خۆش ده ویست ، به لام هه موو کات ئه وه ت دووپات ده کرده وه ،    که زۆرینه ی سه رکردایه تی کۆمه له ڕاستگۆ نیه  له گه ڵ  بیرو باوه ڕی مارکسیزم و کوردستانیه تدا ،  هه ر بۆیه  دۆستایه تی تۆ   به رده وام بوو له گه ل  کادیر و ئه ندام ولایه نگرانی ، تا ئه وکاته ی دوا بزماریان له تابووته که یدا.**
**که ئه نفال ده ستی پیٚ کرد تۆ ده تزانی ئه مه چ تاونێکه  .  بۆیه بۆ  له بیر نه چوونه وه ی ئه م تاوانه   ،      هه موو رۆژ به خۆت و قه له م و کاخه زو چاویله که که ته وه ،   چه  ند کاتژمێرێکی خۆت له ڕۆژهه لاتی نیشتمانه وه ،   خه ریکی سه رژمێر کردنی پاشماوه ی ئه نفالکراوکان  ده کرد. که سه ره نجام  توانیت یه که م په ڕتووک له سه ر ئه نفال بنوسیت  (2) . ئای که چ شانازیه کی گه وره ت بۆ خۆت تۆمار کردووه  .**

**که ماوه ماوه  هێرشه کانی سوپای فاشی تورکیا ،   بۆ سه ر کوردستانی باشوور ده ستی پیٚ ده کرد، تۆ  به هه موو شێوازێک  ناره زایه تیت ده رده بڕی .  هه ر بۆیه  له خۆپیشاندانی 1992/8/26 ، دژ به هه مان مه به ست له شاری هه ولێر  ،  که وتیه به ر ده ست ڕێژی ترسنۆکانه یان ، که خۆشبه ختانه  شه هید نه بوویت .  که چی  به عس ئاسا خۆت وهاوڕێکانت که وتنه به ر ئه شکه نجه دانیان .  یه که م  قاره مانێتیان ئه وه بوو چاویلکه که یان  لیٚ شکاندی ،  که به هۆیه وه سه دان بابه تی ڕۆژنامه گه ری و هه ر دوو  په ڕتووکه به ناوبانگه که ت  پیٚ نووسیبوو .(3)**
**کاتێکیش کارگێری به ره ی کوردستان له هه ولێر ،  که  هاوڕێی 15 ساله ی  شاخ و شارت  بوو ،   ڕۆژی دوایی به ڕووداوه که ی زانی،   زه نگی بۆ لێدای  ، ته نیا ئه وه ی پیٚ کرابوو ،  که ئه شکه نجه دانت له سه ر هه ڵبگرن ، ئاخر ئه وبا ش ده یزانی  ( چ ڕێگریه ک هه یه بۆ ئازاد بوونت) .  به لام تۆ به ده م و چا وی پڕ له ئازاره وه ،   هه ر به گالته خۆشه کانته وه  پێت ڕاگه یاند،  ئه وه عه یب نه بوو دوێنیٚ نه هاتی بۆ خۆپیشاندانه که .**
**له 5 مانگی   زیندانی کردنیشدا،  نمونه ی که سێکی خۆراگر یت بوویت ، ڕه نگ بێت ئه مه ش شانازیه کی تر  بێت ، که  تۆ یه که م زیندانی سیاسی و  که سانێک  بیت له گه ل  8 ها وڕێت له نێو زیندانی حکومه تی کوردستان  بۆ ماوه ی 5 ڕۆژ مان  له خواردن  بگرن  بۆ ئازادبوونتان   .  سه ر جه م ئه م کارانه    له ژێر حوکمڕانی یه که م کابینه ی  حکومه تی کوردستانه وه ئه نجام درا  .. ئاخر تۆ دوای ئه وهه موو ئازاره شه وه ،  که چی یه کجار دڵت خۆشبوو ،  کاتێک لێیان**

پرسی ، ئاماده یت به یاسایه کی کوردستانیانه دادگایی بکرێیت ، ووتت به ڵێ به ڵێ ، گرنگ یاساکه عێراقی نه بێت .

تۆیه کی ئابووری زان و خاوه نی په رتووکه به نرخه که ی( ده روازه یه ک بۆ ئابووری سیاسی) بوویت . که چی له یه که م هه ڵبژاردنی کوردستان له ساڵی 1992 دا ، که بڕیاردرا له نێوان ڕیکخراوی تێکۆشانی ڕه نجده ران و ینک ، کورسیه کی په رله مانیت بده نێ . که چی دوای هه لبژاردن ئه و کورسیه یا ن پێ ڕه وا نه بینی . ئا خر حه کیمی سه رکردایه تی کورد له مانه به دیار ده که وێت !!! که ئابوری زانێکی وه ک تۆ پارتێک په راوێزی ده کات ، ئه وه ی تریش تیرۆری ده کات ، له کاتێکدا نێشتمانه که ی له هه موو لایه که وه ئابلۆقه ی ئابوری له سه بوو.

بیرمه کاتێک یه که م بریار ی په رله مانی کوردساتان ، ده رکردنی شه ڕ بوو له گه ل په که که . کاتێک پرسیارم لێ کردی هه ڵوێستت چی ده بوو ئه گه ر له و کاته دا ئه ندام په ڕله مان بویتایه ؟ ..وه ک ئه وه ی من سه رۆکی په رله مان بم ، زۆر به توڕه یه وه پێت ووتم ، جگه له وه ی ره خنه م لێ ده گرتن ، ئینجازۆر به که رامه ته وه یاداشتنامه ی واز لێ هێنانم پێشکه ش ده کردن . بڕوا بکه ن هه ر ئه و کات تێ گه یشتم یه کێتی بۆ ئه و کورسیه پێ ڕه وا نه بینی . ئاخر ئه وان ئه ندام په رله مانێکیان بۆ چیه که سبه ی له هه ڵوێستێکی سیساسیدا ، یاخی بێت لێ یان ؟

که له زیندانیش ئازاد کرای ، زیاتر بویته خۆشه وستی گه نجانی چه پ ، هه ر بۆیه له گه ل هه ر ناسینێکت له گه ڵیان ، بروایان نه ده کرد ، که که سێتی و جله کانت ئه وه نده ساده بێت .

تۆ مارکسیستێکی زۆر راست گۆ بویت ، هه ر بۆیه کاتێک مانگرتنی کرێکارانی پرۆژه ی په له وه ری هه ولێر ئه نجام درا 1992، پۆلێک له ئه ندامانی ڕیکخراوه که تی تیا بوو، بیرمه ، که داوامان لێ کردی سه ر جه م به لگه کانی کارگێری به ره ی کوردستانی بلاو ده که ینه وه له گۆڤاری تێکۆشان ، بێ دوودڵی ووتت بیکه ن، ئه گه ر ببێته کۆتایی هاتنی هاوڕێیه کی هه ره خۆشه ویستیشم ، چونکه خه باتی ئێوه زۆر پیرۆزتره له مانه.

شه هید ره ئووف راسته له نێو ڕێکخراو ه یه ک کاری ده کرد، نه یتوانی سه رکه وتنی گه وره به ده ست بێنێت . به لام هه موو که س باش ده زانێت له نێو سه ر جه م هێزه سیاسیه کانی کوردستانی باشوور، چ کاریگه ریه کی له سه ر ئه ندامه کانیان هه بوو. ئه مه جگه له وه ی هه موو ئه وانه ی دژی بیری کوردستانیه تی بوون ، ئیمڕۆ خۆیان پێ رابه ری نه ته وه یه!!

من دلنیام ئه گه ر ڕۆژگار بگه رێته وه ، بکوژانت ناتوانن وا به سانایی ئه م جاره وا تیرۆرت بکه نه وه ؟؟ ئاخر ئه مرۆ نه وه یه کی نوێی کوردستانی و هه ڵگری بیری ئازادیخوازی ، ڕۆژ له دوای ڕۆژ بیری دیکتاتۆری ڕاده مالێ . ئایا ده توانن چه ندی تر تیرۆر بکه ن یه ک ، ده ، سه ت .... دواتر له هیچ وولاتێک ڕه وره وه ی مێژوو به زه بر وزه نگ نه وه ستاوه ، ئه ی چۆن له نیشتمانه که ی ئێمه ئه و یاسا حه تمیه به ده ره ؟؟

هه ر بۆیه ئه گه ر له هه ڵگرانی بیری کوردستانی بپرسیت شه هید ڕه ئووف کامل کێیه ؟ ده ڵێن بیرمه ندێکمان له ده ست چوو. ئه گه ر له خه ڵکی هه ژاریش بپرسی ، بێگومان ده ڵێن ، خه م خۆرێکی راستگۆمان له ده ست چوو. ئه گه ر له رۆژنامه نوسانیش بپرسیت ، دڵنیام هه موو به یه ک ده نگ ده ڵێن چ قه ڵه مێکی بوێر ، 13 سال له مه و به ر تیرۆر کرا . ئه مه جگه له وه ی له کارزان و کۆڤان و کاوه بپرسی ده ڵێن ، چ تاوانێکتان به رامبه ر ئێمه ی مندال کرد ، چونکه 13 ساڵه ، له سۆزی باو کێکی زۆر خۆشه ویست بێ به شتان کردین .

هه موو ئه وانه ی له نزیکه وه بتناسن ، باش ده زانن ئه م چه ند دێره ی من هه مووی ڕاسته ، هه ر بۆیه خه لکی کوردستان به گشتی و بادینان به تایبه ت سه ر کرده یه کی له ده ستدا، که تائێستا نه توانراوه شوێنی پڕ بکرێته وه .... ئه رێ به راست پارتی دیمو کراتی کوردستان پێمان ناڵێت ئه م سه ر کرده یه له پای چی ، دوای 13 سال ، بکوژانی بۆ خه لک ئاشکرا ناکه ن ؟؟ بێ ده نگیتان بۆته هۆی ئه وه ی که تیرۆرکردنی بۆ ئێستا و مێژوو له سه ر ئێوه تۆمار بکرێت ؟؟

# شه هید ره ئووف کامل له 1993/5/26 له دهۆک تیرۆ کرا

1/ شه هید ئه بو نه سیر به رپرسێکی بادینانی حزبی شووعی کوردستان بوو،نه زیر عومه ر حککع، فرانس یوسف، ئاشوری، رێناس حزبی زه حمه تکێشان.

2/ په رتوکه که به ناوی هه ڵمه ت بۆ سه ر بادینان و بارودۆخی په ناهه نده کان.

3/ هه ر دوو په رتوکه که ی تری به ناونیشانی 1 کێشه ی باشووری کوردستان و ئاسۆی داهاتووی2/ ده روازه یه ک بۆ ئابووری سیاسی

ئەمەش لیستی ناوی ئەو لایەنو کەسانەیە کە بەبۆنەی چلەی شەهیدەوە بروسکەیان ئاراستەی ڕێکخەراوو بنەماڵەی شەهید کردووە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

١- پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K.
٢- دەستەی کاتی شیوعیە کوردستانیەکان
٣- شیوعیە کوردستانیە ڕاستەقینەکان
٤- لقی هەولێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٥- ناوەندی ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕش
٦- تیپی . میزۆپۆتامیای نەتەوەیی کورد
٧- کۆمەڵێك لە کرێکارانی پرۆژەی پەلەوەری هەولێر
٨- کۆمەڵێك لە کرێکارانی کارگەی ڕستنو چنینی هەولێر
٩- کۆمەڵێك لە کاسبکارانی شێخاللە
١٠- بنەماڵەی خوالێخۆشبو محمود عدو
١١- بنەماڵەی شەهید سەمەد
١٢- کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان - لقی هەولێر
١٣- مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی. کوردستان
١٤- یەکێتی قووتابیانو لاوانی کوردستان
١٥- کۆمەڵەی شەهەنگ
١٦- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری دیموکراسی لە هەولێر
١٧- یەکێتی بێکاران لە کوردستان
١٨- ڕۆژنامەی نیشتمان
١٩- الحركة الديمقراطية الفيلية
٢٠- الحركة الديمقراطية الاشورية
٢١- کارمەندانی ڕادیۆی ڕێگای کوردستانی حزبی شیوعی کوردستانی-عێراق
٢٢- یانەی ڕۆشنبیری هیران
٢٣- کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان
٢٤- کۆمەڵەی فۆلکلۆری کوردستان
٢٥- مەڵبەندی (٣) یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢٦- تەلەفزیۆنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٢٧- غفور مخموری-سەرنووسەری گۆڤاری قەرەچوغ
٢٨- مام غفور ئاشگەیی
٢٩- خوێندکارانی پەیمانگای مامۆستایانی بەشی وەرزش.
٣٠- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەت
٣١- مەڵبەندی وەرگێڕانو بڵاوکردنەوەی کەلتوری سۆسیالیزم لە کوردستان